# بژی کوردیکا هێزی خاوەن بڕیار و دۆستی جەماوەر!

هشام ئاکرەیی

دەسەڵاتدارێتی باشووری کوردستان شانازی بەو دەسکەوتانەوە دەکات کە تاوەکو ئێستا ئەنجامدراون لە وێ. بەشێکی هەرە زۆری گەلی کوردستانش پێی وایە سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدی هێناوە و توانیومانە مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و زلهێزی گەورەی جیهان ئەمریکا بکەین.

باش بوون و خراپ بوون، دوو دیاردەی نسبین، واتە لەبەراوردکردندا لە گەڵ بابەتێ تر و دیاردەی هەمان چەشن دەتوانی بلێی شتێک باشە یان خراپە. تابیعە (ئامیری نووسین) لە بەراوردکردندا لە گەڵ نووسین بە بەکارهێنانی دەست، بە شورشێکی پێشکەوتنی پیشەسازی دەژمێردرێت. بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو ئامیرینووسینە، لە گەڵ کومپیوتەرێک بەراورد بکەین. واتە تاوەکو کومپیوتەر دەرنەکەوت نەمان زانی تابیعە ئامیرێکی خراپە وکارکردن پێی داوکەوتووییە.

لە باشووری کوردستان هەمان بینین، ڕاست دەردەکەوێ. ئەگەر ئێمە باشووری کوردستان لە ڕۆی ڕزگای نیشتیمانیەوە لە گەڵ بەشەکانی تری کوردستان بەراوردی بکەین، ئەوە گۆڕان و پێشکەوتنی گەورە ئەنجامدراون. بەڵام ئەگەر باشووری کوردستان بەراوردی بکەی لەگەڵ وڵاتانی تری دونیا، لە دوای 12 ساڵ لە ڕزگابوونی ئەو وڵاتانە و ئەو پێشکەوتنەی لە دونیادا ڕۆیداوە، ئەوە باشووری کوردستان هیچ بەرەو پێشچوونێکی نەدیوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە چەندین هەلی مێژوویی لە دەستدراون و وەک پێویست کوردستان بەرێوە نەبراوە.

ئەو هەنگاوانەی ئەمڕۆ بە زەبری ئەمریکا جێبەجێ دەکرێن، دەبوایە بەر لەئێستا بە 10 ساڵ چێبەجێ کرابانە. واتە ئێمە 10 ساڵ دواکەوتووین، نەک پێشکەوتووین. دەستخۆشیکردن لە هەنگاوی تەواو مانای ئەوە نیە کە هەڵە نەکراون یان ڕاستیەکان بزر دەکرێن. بەهیچ شێوەیەک نابێ چاوپۆشی لە هەڵەکان بکرێت چونکە لە بەرژەوەندی کێشەکەماندا نیە. ئەگەر دەسەڵاتدارێتی باشووری کوردستان بەتەواوەتی دان بە هەڵەکانیدا بنێت، ئەوە (گەرچی درەنگەش) دەبێ هەر لە ئێستاوە بە هێزێکی گەورەوە هەنگاوی پێویست بنرێن.

تاوەکو ئێستا حکومەتی یەکگرتوو دروست نەکراوە. ئەو حوکمەتەی کە دەبوایە لە ساڵی1992 یەوە یەکگرتوو بمایە. ئەو پەرلەمانەی 11 ساڵە هەلبژێرداو تاوەکو ئێستا بەکارە. لەکام وڵاتی دونیا پەرلەمانێ عومری 11 ساڵە. دەڵێن لە بەر شەڕی ناوخۆ. باشە کێ شەڕی ناوخۆی هەڵگیرساند؟ ئەگەر دوای ساڵێکی تریش هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە باشووری کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەو کاتە دەگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1996 کە بڕیاربوو هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. ئەگەر ئێستا ئاڵای کوردستان بەرزکرابێتەوە لە هەندێ شاری باشووری کوردستان، ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1992 کە دەبوایە هەر لەو کاتەوە ئاڵای کوردستان بەکاهێنرابایە. ئەگەر ئێستا شاری کەرکوک (کە تاوەکوو ئێستا 100% نیە) و هەندێ شاری تری کوردستان گەرابنەوە باوەشی نیشتمانی دایک، ئەوە گەرانەوەیە بۆ ساڵی 1992 کە لەو کاتەوە دەبوایە ئازادکرابا، یان هەر هیچ نەبێ ئەو چەند هەزار کەسەی کران بە قوربانی شەڕی ناوخۆ، لە پێناو شاری کەرکوکدا شەهیدکرابان، نەک لە پێناو کەیکی حەمەدئاغا. ئەگەر ئەمڕۆ بەرەی تورکمانی داوای ئیجازەی کار لە حکومەتی هەرێم بکات، واتە 8 ساڵ کاری نایاسایی کردوە. ئەگەر ئەمڕۆ بەرەی تورکمانی چەک بکرێت، ئەوە دەبوو هەر لە سەرەتاوە چەکی پێی نەبوایە.

تاوەکو ئێستا ئێمە نەگەڕاوینەتەوە ڕەوشی ساڵی 1992، چونکە کۆمەڵێ خاڵی تریش هێشتا چاوەڕێی ئەنجامدانن. وەک دەرکردنی لەشکری تورکیا لە باشووری کوردستان. دەرکردنی لەشکری پ. م. ف. کە بۆ

چاودێریکردنی شەڕی نێوان پارتی و یێکێتی هاتبوون. یەکخستنەوەی یاساکانی هەرێمی، کە هەر حوکمەتێک بۆ هەرێمەکەی دەرخستبوون. چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکی هەرێم کە تاوەکو ئێستا دەستنیشان نەکراوە. لە دوای ئەنجامدانی گشت ئەم خاڵانە، ئەو کاتە گەلی باشووری کوردستان 10 ساڵ خەسار بوە لە کۆی 12 ساڵی ڕزگاری. واتە تاوەکو ئێستا خەباتەکەمان لە پێناو گەڕانەوەیە بۆ سفر و سەرەتا و دوای ئەوە هەنگاو بەرە پێش دەنرێن.

لە وەتی ڕزگارکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا و بریتانیاوە پلان ڕێژی بۆی کراوە، باشووری کوردستانیش بۆتە بەشێک لەو پلانە. بەشی باشووری کوردستانی پلانی ڕزگارکردنی عێراق، فشارخستنە سەر هەردوو پارتی دەسەڵاتداربوو، کە دەبێ ڕەوشی شەڕ نەهێڵن و پەیوەندیەکانیان ئاسایی بکەنەوە. هەر لەبەر ئەو فشارە، پارتی و یێکێتی دەستیان بە دانوسان کرد و تاوەکو 9ی مانگی چوار، ڕۆژی ڕۆخانی ڕژێمی سەددام تەنیا بارودووخی نەشەر نەئاشتی کۆتایی پێ هاتبوو. لەدوای ئەو بەروارە ئەمریکا داوایکرد هەردوو زلپارتەکە، واز لە شەڕی بەرۆی سەوز و زەرد بێنن و لەجیاتی ئاڵای کوردستان بەکاربێنن، بە تایبەت لەدوای ئازادکردنی شارەکانی کەرکوک و موسل کە لە ئەنجامیدا چەند تەنگژەیەک نێوان پارتی و یێکێتی هاتبوونە ئاراوە.

بەر ئەوەی ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عێراق بە چەند ڕۆژێک، ئەمریکا تووشی گیروگرفتێکی زۆری هاتبوو، کاتێ تورکیا ڕازی نەبوو ئەمریکا فڕۆکخانەکانی بەکاربێنێ. لە دوای ڕزگاری عێراق باشوورو ناوەڕاستی عێراق بۆنەتە دوژمنی ئەمریکا و ناهێڵن ئەمریکا ئەو هەرێمە بەکاربێنێ. بۆیە ئەگەر ئەمریکا بیەوێت ماوەیەکی درێژ لە عێراق بمێنت پێویستی بە کوردستانی هەیە و دەبێ فڕۆکخانەیەک لەو هەرێمە ئەمریکادوستە دروست بکات. هەر لەبەر ئەوەش ئەمریکا بڕیاری دروستکردنی فڕۆکخانەی هەولێری دا و بڕیارەکەشی لە سەر ئاڵای ئەمریکا و کوردستان مۆرکرا لە لایەن ئەمریکا و کوردەوە.

خاڵەکانی پشکنینی نێوان هەردوو هەرێمی پارتی و یێکێتی و کومرکی نێوان ئەو هەردوو هەرێمە و سنوورەکان، بە بڕیاری ئەمریکا لابران نەک بە بڕیاری کورد. ئەمریکا داوای کردوە لەشکری تورکیا لە باشووری کوردستان دەرکەوێت و بڕیاری پەرلەمانیش لە دوای سیگنالی ئەمریکا وەرگیرا. ئەگەر وا نەبێ دەبا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لکاندنی هەموو شارەکانی باشووری کوردستان ئەوانەی تا وەکوو ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی کوردا نین، وەرگرن. بەڵام چاوەڕێدەکەن تاوەکو ئەمریکا بڵێت. دەبا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لە چاپدانی دراوێک بۆ کوردستان وەربگرێت نەک ئەمریکا. دەبا پەرلەمانی کوردستان کاتێک دابنێ بۆ هەڵبژاردنێکی گشتی لە کوردستان، دەبا پەرلەمانی کوردستان بڕیارێک بدات تیایدا بوترێت ئەگەر گەلی عێراق ڕازی نەبێت لە سەر فێدراڵی بۆ گشت هەرێمی کوردستان و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان، ئەوە گەلی کوردستان جیادەبێتەوە لەعێراق.

لە سەرەتای ڕۆخانی سەددام پارتە سیاسیەکان و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری وەک ساڵی 1990یان وەرگرت، بەرامبەر بە کۆنە بەعسیەکان و نۆکەرانی سەددام. بەڵام لە دوای ئەوەی ئەمریکا بە زمانی برێمەر زۆر بە توندی بەرامبەر بەعسیەکان ڕاوەستا، ئەو کاتە پارتە کوردیەکان بێ دەنگ بوون و نەیانتوانی پشتگیری بەعسیەکان بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری مانگی 5ی پەرلەمان و نیازی حەواندنی شێخ چۆپی لە لایەن زلپارتەکانەوە.

بەداخەوە هەموو ئەو بڕیارانەی لەم ڕۆژانەدا دراون لە لایەن ئەمریکاوە وەرگیراون نەک زلپارتەکان.

چەند پێم خۆش دەبوو زلپارتەکانمان ئەو بڕیارانەیان وەرگرتبا، هەر بۆیەش گەلی کورد لەم ڕۆژانەدا دبێژیت بژی ئەمریکا و بۆش لە جیاتی ئەوەی بڵێن بژی پارتی و یێکێتی.

**بەداخەوە پارتەکانمان ناتوانن و نازانن بڕیار وەربگرن، بەڵام باش دەزانن بڕیارەکانی وڵاتانی تر چیبەچێ بکەن و ڕەچاوی بکەن.**

**نازانم بۆ ئەوەندەی پێگانەمان خۆش دەوێت ، نێو بەقەد ئەوە گەلی کوردستانمان خۆش ناوێت.**

**نازانم بۆ بە ڕۆحێکی وەرزشیانە مامەڵە لەگەڵ بەعسیەکاندەکەین و شێرین دژ بە یەکتری.**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

کوردستان نێت www.kurdistannet.org